وەزارەتی کارەبا لە ڕێگەی پڕۆژەیەکەوە هەزار مێگاوات کارەبا زیاد دەکات



وەزیری کارەبای عێراق جەختیکردەوە، دەستیان کردووە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی خەری بەستە کە لێگە تەواوبوونیدا هەزار مێگاوات کارەبا لە تیشکی خۆرەوە دابیندەکات و بە یەکێک لە گەورەترین پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆرەوە دادەنرێت.

ڕێژی شەمم، زیاد عەلی، وەزیری کارەبای عێراق دەڵێت، پڕۆژەی خەری بەستە لەسەر ڕووبەری نێ هەزار دۆنم دادەمەزرێنرێت و نزیکەی دوو ملیۆن تەختەی وزەی خۆر لەخۆدەگرێت.

دەشڵێت، پڕۆژەکە بەسەر چوار یەکەی بەرهەمهێنانەدا دابەش کراوە و توانای بەرهەمهێنانی گشتی دەگاتە هەزار مێگاوات کارەبا.

باسی لەوەشکرد، پڕۆژەکە یەکێکە لە گرنگترین پڕۆژەکانی وزەی نوێبوونەوە لە عێراق و یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی گازەکان و باشترکردنی ژینگە، هاوکات یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەرکردنی

قیرانی کاربا .